# نەریتنامەو کارنامەی ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست و هونەر

( ٢ ــ ٢ )

## ١٤- کەوتنی مافی ئەندامەتی

بۆ هەموو ئەندامێکی ئەکادێمیا هەیە هەر کاتێك ویستی واز لەئەکادێمیا بهێنێ.

**سەرنج (١)**

هەموو واز هێنانێك لەئەندامەتی دەبێ بەنووسین بێ و هۆیەکەشی بەئاشکرا بخرێتە بەر چاو. کەئەندام بەئارەزووی خۆی وازی هێنا، ئەگەر ویستی جارێکی دی بگەڕێتەوە بۆ ئەکادێمیا، دەبێ ١٠٠٪ی دەنگەکانی ئەو بەشدارانەی پلێنۆم یان جڤینی سالانەی لەگەڵ بێت کەمافی دەنگ دانیان هەیە.

**سەرنج (٢)**

هەموو ئەندامێك لەوانەیە لەئەکادێمیا دەربکرێ، ئەوەش بەپێی بڕیاری پلێنۆمی ئەکادێمیا دەبێ، ئەگەر:

١ – ئەندام بەبێ پاکانەیەکی ڕەوای بەجێ ئابوونەی خۆی نەدا. پاکانەکردن بۆ ئابوونە نەدان دەبێ بەنووسین بێ، و پلێنۆم بەزۆربەی سادەی دەنگەکانی بڕیار بدات لەسەری.

٢ – لەکاتێکدا کەئەندام کارێکی وابکات کەنێوو نێوبانگی ئەکادێمیا پیس بکات، یاکارێکی وای لێ دەربکەوێ کە لەگەڵ مەرجەکانی بوونە ئەندام و نەریتنامەی ئەکادێمیا ڕێك نەکەوێ.

## ١٥- تەڤکاری ئەکادێمیا

تەڤکاری ئەکادێمیا ئەو کەسەیە کەئەندام نییە بەڵام لەرێی بەرهەمی زانستانە یا هونەرانەی خۆیەوە دەتوانێ و دەیەوێ خزمەتی ئەکادێمیا بکات. تەڤکار لەسەر پێشنیاری باوەڕپێکراوی ئەکادێمیا بەزۆربەی سادەی دەنگەکانی دەنگدەرانی پلێنۆم، دیاری دەکرێ بۆ ماوەیەکی تایبەتی.

## ١٦- دۆستی ئەکادێمیا

دۆستی ئەکادێمیا ئەو کەسەیە کە لەباری مۆراڵییەوە یا لەرووی پڕو پاگەندەکردن و گەیاندنی بەرهەمەکانی ئەکادێمیا بەخەڵك، خزمەتێك بە ئەکادێمیا دەگەیەنێت بێ ئەوەی دەسکەوتێکی ماددی خۆی تێدا هەبێ. دۆست بەپێشنیاری باوەڕپێکراوی ئەکادێمیا بەزۆربەی سادەی دەنگەکانی دەنگدەرانی پلێنۆم دیاری دەکرێت.

## ١٧- ئەندامی شانازی

بۆ ئەندامی شانازی ئەوانە هەڵدەبژێردرێن کەوا بەشێوەیەکی گشتی خزمەتی گەورەیان بەزانست و هونەرکرد بێ، یا پەناو پشتیوانی مرۆڤی لێقەوماو و بەشخوراو بن.

ژمارەی ئەندامانی شانازی لەبیست کەس تێپەڕ نابێ.

## ١٨- پشتگیری ئەکادێمیا

پشتگیری ئەکادێمیا ئەو کەسانەن‌یا ئەو کۆمەلانەن کە بەپارەو بەشتی ماددی خزمەتی ئەکادێمیا دەکەن و کارەکانی بەرەو پێشەوە دەبەن. پشتگیر دەتوانێ تاکە کەسێك یا کۆمەڵێك یا دەزگەیەك بێ. پشتگیر بەپێشنیازی باوەڕپێکراوی ئەکادێمیا بەزۆربەی سادەی دەنگەکانی دەنگدارانی پلێنۆم دیاری دەکرێ.

**سەرنج ١:**

تەڤکارو دۆست و پشتگیری ئەکادێمیاو ئەندامی شانازی دەتوانن لەپلێنۆمی ئەکادێمیادا بەشداربن و هەر پێشنیازو بیروڕایەکیان هەیە بەسەربەستی دەری بڕن و دەمەتەقێ بکەن لەسەری. هەرچەند خۆیان مافی دەنگدانیان نییە، بەڵام دەتوانن بیروڕاو پێشنیازەکانی خۆیان بخەنە بەردەم پلێنۆم و داوای دەنگدان بکەن لەسەری.

**سەرنج (٢)**

لەکاتی دەنگدانا بۆ وەرگرتنی ئەندامان، یا وتووێژ لەسەر ئەو کاروبارانەی کەتایبەتن بەئەندامان، هەر ئەندامانی ئەکادێمیا مافی بەشداربوونی جڤینیان هەیە.

## ١٩- دەزگەی بلاوکردنەوەی ئەکادێمیا

ئەکادێمیا بۆ بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆی دەزگەیەکی بلاوکردنەوە (پەرتگە) دادەمەزرێنێ. ئەندامێکی ئەکادێمیا دەبێتە سەرپەرشتی کەری دەزگەی بلاوکردنەوە. بێجگە لەوەش هەتا ئەکادێمیا وای لێ دێت چاپخانەی تایبەتی خۆی هەبێ لەگەڵ دەزگەیەکی چاپەمەنی لەباردا ڕێك دەکەوێ بۆ چاپکردنی بلاوکراوەکانی.

## ٢٠- کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەکادێمی

**سەرنج**

ئەکادێمیا سەرکردەو ژێرکردەی نابێ. دەسەڵاتی هەموو ئەندامەکانی (چ کاراو چ پەیامنێر) وەك یەك دەبێ. بەڵام بۆ ڕاپەراندنی کاروباری بیروکراتی و تەکنیکی کۆمیتەیەك دروست دەبێ بەنێوی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەکادێمیاوە کەئەو کۆمیتەیەش بەم جۆرەی خوارەوە دەبێ:

### ١ – باوەڕپێکراوی ئەکادێمیا

باوەڕپێکراوی ئەکادێمیا لەلایەن ئەندامەکانی پلێنۆمی ئەکادێمیاوە بەم وێنەیەی خوارەوە هەڵدەبژێرێ:

أ – باوەڕپێکراوی ئەکادێمیا هەر جارە بۆ ماوەی پێنج ساڵان لەلایەن بەشداربووی پلێنۆمەوە هەڵدەبژێررێ و دەبێ بەلایەنی کەمەوە ٦٠٪ی دەنگەکانی ئەندامە بەشدارەکانی کۆنگرەی هەبێ. پاش تەواوبوونی ئەم ماوەیە ئەگەر بۆ جاری دووەم هەڵبژێردرایەوە، ئەوا دەبێ ئەم جارە ٧٠٪ی و بۆ جاری سێیەم ئەگەر هەڵبژێررایەوە ٨٠٪ی دەنگەکان و بۆ جاری چارەم ٩٠٪ی دەنگەکان و جاری پێنجەم ١٠٠٪ی دەنگەکانی هەبێ.

ب – باوەڕپێکراو دەبێتە نوێنەری ئەکادێمیا بەرامبەر دەرەوە. لەکاتی پێویستیدا دەتوانێ هاوکارێك یا چەند هاوکارێك بکاتە دەمراستی خۆی. ئەوەش دەبێ بەنووسین بێ.

ج – باوەڕپێکراو دەبێ ئەو بەرهەمانەی دێن بۆ چاپکردن، چ بۆ گۆڤاری ئەکادێمیاو چ بەجیا، بیانداتە بەلیژنە تایبەتییەکانی (پسپۆرەکان) و بەپێی پێشنیازی ئەوان و توانستی ئەکادێمیا بڕیار لەسەر بلاوکردنەوە یا بلاونەکردنەوەیان بدات.

د – باوەڕپێکراو دەبێ لەهەموو پلێنۆمێکی ئەکادێمیادا ڕاپۆرتێك لەسەر کاروباری ئەکادێمیا لەنێوان دوو جڤینی ساڵانەدا پێشکێش بکات.

ه – باوەڕپێکراو لەماوەی ئەو (٥) ساڵەدا کەبۆی دانراوە بێجگە لەنەخۆشی وەك هۆیەك، ناتوانی دەست لەکار بکێشێتەوە، هەروەها لەسەر کاریش لانابرێ.

### ٢ – دوو جێگری باوەڕپێکراوی ئەکادێمیا

باوەڕپێکراو دوو جێگر بۆ خۆی دەستنیشان دەکات و لەکۆنگرەدا پێشکێشیان دەکات. ئەگەر کۆنگرە بەزۆربەی سادەی دەنگی ئەندامانی بەشداربوو، بڕیاری لەسەردان، ئەولا دەبنە جێگری باوەڕپێکراو. کەپاش تەواوبوونی ئەم ماوەیەش دەکرێ جارێکی دی هەڵبژێررێنەوە.

### ٣ – دراوژمێر

دراوژمێر لەلایەن پلێنۆمی ئەکادێمیاوە هەڵدەبژێردرێ و هەموو جۆرە کاروبارێکی ماڵیی ئەکادێمیا دەبا بەڕێوە.

دراوژمێر دەبێ بۆ هەموو جڤینێکی ساڵانە ڕاپۆرتێك ئامادە بکات.

### ٤ – سێ هاوکاری پێوەندی

کۆنگرە سێ هاوکاری پێوەندیی دادەنێ بەزۆربەی سادەی دەنگەکان بۆ ئەوەی پێوەندیی لەگەڵ زانستکارو هونەروەرە کوردو بێگانەکانداو، هەروەها لەگەڵ داوودەزگەی زانستی و هونەری دیکەدا بگرن و رایان بکێشن بۆ ئالیکاری کردن لەگەڵ ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست و هونەر.

### ٥ – نوێنەرێکی دەزگەی بلاوکردنەوەی ئەکادێمیا

دەزگەی بلاوکردنەوەی ئەکادێمیا نوێنەرێك دەستنیشان دەکات و ئەو نوێنەرە دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەکادێمیا. نوێنەری دەزگەی بلاوکردنەوەی ئەکادێمیا دەبێ لەهەموو جڤینێکی ساڵانەدا ڕاپۆرتێك پێشکێش بکات و لەوتووێژکردن دا لەبارەی پرۆژەکانی بلاوکردنەوە بەشداری بکات.

### ٦ – پێنووس بەدەستی ئەکادێمیا

بۆ کاروباری نامەو نامەکاری لەنێوان ئەکادێمیاو دەرەوەدا، پێنووس بەدەستێك لەلایەن پلێنۆمی ئەکادێمیاوە بەزۆربەی سادەی دەنگەکان دەستنیشان دەکرێ. پێنووس بەدەست پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەباوەڕپێکراوی ئەکادێمیاوە دەبێ.

## ٢١- لیژنە پسپۆڕەکانی ئەکادێمیا

لیژنە پسپۆڕەکان بەپێی کرۆکی قورساییەکان دروست دەبن. واتە بۆ هەموو بەشێکی زانستی یا هونەری لیژنەیەك دادەمەزرێ کەکاروباری ئەو بەشە دەبات بەڕێوە هەر لیژنەیەك نوێنەرێك بۆ خۆی دەستنیشان دەکات. لیژنەکان پێویستە لەسەریان هاوکاری لەگەڵ یەك بکەن و زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن. ئەم لیژنانە مافی پێشنیازکردنیان هەیە بۆ وەرگرتن یا وەرنەگرتنی لێکۆڵینەوەی زانستانەو هونەرانە.

**سەرنج**

کارێکی زانستانە یاهونەرانە کەهێشتا تەواو نەبووبێ، یا لێکۆڵینەوەیەك کەهێشتا بلاونەکرابێتەوە، بەهیچ جۆرێك پێشانی کەسێك نادرێت کەئەندامی ئەکادێمیا نەبێت، هەروەها نادرێتە دەست کەسێك کە ئەندام نەبێ.

ئەکادێمیا ئەم لیژنە پسپۆڕانەی خوارەوە دادەمەزرێنێ:

١ – لیژنەی زاراوەکان

ئەکادێمیا هەوڵ دەدات بۆ هەر بەشێك لەو بەشانەی کەقورسایی خراوەتە سەریان، لیژنەیەك پێك بهێنێ بۆ دانانی زاراوەی زانستانەو هونەرانە بەکوردی. پاش ئەوەی هەر لیژنەیەك لەزاراوەکانی خۆی بووەوە، زاراوەکان لەلایەن ئەکادێمیاوە بلاودەکرێتەوەو وری بەهەموو کەسێك دەدرێ بیروڕای خۆی لەبارەیەوە بنووسی.

ئەوجا زاراوەکان یەکە یەکەو بەخستنە بەرچاوی ڕەخنەو بیروڕاکانی خەڵکەوە لەپلێنۆمی ئەکادێمیادا دەخوێنرێنەوەو وتووێژ دەکرێ لەسەریان، ئەوجا بڕیار دەدرێ لەسەریان و جێگر دەکرێن.

٢ – لیژنەکانی وەرگێران.

٣ – لیژنەی ئینسکلۆپیدیای کورد.

٤ – لیژنەی بیلیۆگرافیای کورد.

٥ – لیژنەی فەرهەنگەکان.

٦ – لیژنەی زمان و ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی.

٧ – لیژنەی ڕێزمانی یەکگرتووی کوردی.

**سەرنج (١)**

هەر کەسێك کە لەلیژنەیەکدا ئەندام بوو، مانای وانییە ئەندام یا تەڤکاری ئەکادێمیایە.

ئەندامەکانی ئەکادێمیا پێویستە لەسەریان لەبڕیارەکانی ئەکادێمیا سەرپێچی نەکەن و زاراوەکانی ئەکادێمیا پاش بڕیاردان لەسەریان لەنووسینەکانی خۆیاندا بەکاربهێنن.

## ٢٢- پرۆگرامی کاروبار

ئەکادێمیا پرۆگرامێکی کاروبار دروست دەکات کەدەبێ لەلایەن جڤینی ساڵانەوە بەدەنگی ٣/٢ی ئەندامە بەشداربووەکانی وەربگیرێ و هەر بەو جۆرەش بێتە گۆڕان.

## ٢٣- دەرامەتی ئەکادێمیا

١ – ئەکادێمیا ڕێکخراوێکی زانستانەو هونەرانەیە، ئامانجی خزمەتی مرۆڤە لەرێی زانست و هونەرەوە. لەبەر ئەوە هیچ جۆرە ئامانجێکی بازرگانی کردن و سەرمایە دروستکردنی بۆکەس نییە. پێویستیی سەرشانی هاوکاران و پشتگیران و دۆستانی ئەکادێمیایە کەبیرژێنن لەرێی دانی ئابوونەو پیتاك کۆکردنەوەو فرۆشتنی بلاوکراوەکانی ئەکادێمیاوە.

٢ – ئەکادێمیا هەموو یارمەتییەکی پاك و خاوێن وەردەگرێ، بەڵام دەبێ ئەو یارمەتییە هیچ مەرجێکی لەگەڵ نەبێ و چاوەڕوانیی تایبەتی لەدوو نەبێ. هەر یارمەتییەك بەو جۆرە نەبێ، ئەوا ئەدرێتە دواوە. ئەوجا هەرچی چەندێك بێ‌ولەهەر لایەکەوە هاتبێ وەك یەکە.

## ٢٤- بۆبژاردنەوە

پرۆگرامی کاروبار دەتوانێ بڕیاری دانی پارەی سەفەرو دانەوەی ئەو مەسرەفانە بدات کە لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتی کاروباری ئەکادێمیاوە بۆ ئیشوکارەکانی ئەکادێمیا بەخت دەکرێن. لەوانەیە ئەم بڕیارە میوانیش بگرێتەوە.

## ٢٥- ئۆرگانەکانی ئەکادێمیا

ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست و هونەر ئەم ئۆرگانانەی خوارەوەی هەیە:

١ – کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەکادێمیا (بەندی ٢٠).

٢ – پلێنۆمی ئەکادێمیا – جڤینی ساڵانە.

١ – ئەکادێمیا هەر بەدوو ساڵ جارێك کۆبوونەوەیەکی (پلێنۆمی) ساز دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لەکاروباری ئەکادێمیاو وەرگرتنی هاوکارو تەڤکاری نوێ و ڕوانینە بووجە (میزانیە) و گوێ گرتن لەڕاپۆرتی ساڵانەی لیژنەکان و ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی ئەکادێمیاو وتووێژو بڕیاردان لەسەرئەو کارانەی لەو ماوەیەدا کراون، گوێ گرتن لەووتاری زانستانەو هونەرانەی ئەندامان و تەڤکاران و میوانان. هەروەها پلێنۆمی ئەکادێمیا بڕیار لەسەر مەسەلە بنچینەییەکانی ڕێکخستن دەدات و کاروباری لێکۆڵینەوەو کارسپاردن دابەش دەکات.

٢ – پوختنامەی هەر پلێنۆمێك لەلایەن پێنووس بەدەستی ئەکادێمیاوە بەسەرپەرشتیی باوەڕپێکراو دەنووسرێتەوەو دەخرێتە تۆمارەوە.

٣ – لەپلێنۆمی ئەکادێمیادا تەنێ ئەندامانی ئەکادێمیا مافی دەنگدانیان هەیە. بیروڕا دەربڕین و دەنگی خۆنارین بەنامە وەك بەشداربوون وایە لەپلێنۆمدا.

٤ – پلێنۆمی ئەکادێمیا مافی ئەوەی هەیە دەستکاریی پرۆگرام بکات بەم‌ئەم بڕگانەی خوارەوە نایەنە گۆڕان و وەك خۆیان دەمێننەوە:

بڕگەی ١، ٢، ٣، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، (سەرنجی ١،٢، ،،،،، و ،،،،،). بڕگەکانی دی دەتوانرێ لێیان زیاد بکرێ، بەمەرجێ ئەو لێزیادکردنە کاری ئەو بڕگانەو ئەو بڕگانەی نایەنە گۆڕان بەتاڵ نەکاتەوە.

## ٢٦- هەڵوەشاندنەوەی ئەکادێمیا

١ – هەموو ئەندامێك مافی ئەوەی هەیە هەر کاتێك ویستی واز لەئەکادێمیا بهێنێ. ئەو ئەندامەی لەمە هەڵداوێررێ هەر باوەڕپێکراوە (تەماشای بەندی ٢٠ بڕگەی ه بکە) بەڵام هیچ دەستەڵاتێکی تاکی یا کۆمەڵی مافی ئەوەی نییەونابێ ئەکادێمیا هەڵوەشێنێتەوە. تا ئەندامێك بمێنێ ئەکادێمیا هەر دەمێنێ. کەکەس نەما ئەوجا لەخۆیەوە لەکار دەکەوێ.

٢ – کەئەکادێمیا بەو جۆرەی سەرەوە نەما، ئەوجا سامان و ئارشیڤی ئەکادێمیا دەخرێتە بەر دەستی ئەکادێمیای زانستی سوێد.